کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-9-2007 21:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خوێندەنەوەک لە سەر رۆمانی ئیلشا لە نوسینی دیدار مەسیفی ... ساڵحی مووسا گەردی

جێی خۆیەتی سوپاسی سەرپەرشتیاری چاپی رۆمانەکە کاک عومەر خدر بکەم کە بە رۆمانەکەی ئاشنا کردم لە بەرواری 05/ 05/ 2007




لە شەوی 29-2007/06/30 لە رۆمانەکە بوومەوە، هەڵبەت هیچ بیرکردنەوەک بە بێ کەم و کوڕی نابێت و بەبڕوای من هیچ نووسینێک ناگاتە لوتکە، چەندەی هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ گەیشتن بە لووتکە ئەگەر بە ویژدانەوە مامەلە لەگەڵ هزری خۆمان بکەین دەبینین خەڵکی تر لە پێشەوە هەن بۆ گەیشتن بە لووتکە و هەروەها لە گەیشتن بە لووتکەش دەبێ هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکرێت ئاخۆ تا چەند و تا کەی لە لووتکە دەمێنێتەوە و نەمر دەبێت. بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمانی ئیلشا کە بەراستی هەستی جووڵاندم و چەندین تابلۆی لە خەیاڵدا دروست کردم هەر لە سەردانی دلشادی قوربەسەر بۆ نۆرینگەی پزیشک و پێدانی خەبەری مەرگ تا ئەو دیمەنە قێزەوەنەی لە فرۆکەخانەی ولاتی دراوسێ مامەلەی مەرگیان لەگەڵ دەکرد و تا ئەو دیمەنە فرمێسک هێنەرەی لە رۆژی بەفراوی ناشتیان. بەڕاستی دیمەنەکان ئامراز و ئیلهامی شیعر بوون، چەند غەمگین بوو ئەو دیمەنەی کە لە ناو کەشتی چارەنووسدا هەردوو مندالی ژنە بەستەزمانەکە کەوتنە نێو دەریا و یەکێکیان بە بێ رۆح گەڕایەوە باوەشی گەورەترین و پیرۆزترین کەس کە ناوی نراوە دایک.

چەندە بێزم لەو مەلایە بوویەوە کە ئامادە نەبوو بە شیوەی مرۆیی مامەلە لەگەڵ ناشتنی ئیلشادا بکات و پێی وابوو بە بێ ئەو ئیتر ئیلشا بەرەو دۆزەخ ملی رێگا دەگرێتە بەر.

ئەرێ بەراست خۆ ئیڤا لە پەنجەرەکەوە زۆر جوان دیار دەکەوت، ئەوەندە جوان بوو ئێرەییم بە دلشاد دەبرد. وام هەست ئەکرد رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی و (پاشایان کوشت) ی خەسرەو جاف کە حەفت هەشت ساڵ پێش خوێندومەتەوە بەرەو لوتکە بەرێوەن، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمانی ئیلشا زانیم کە نووسەر و بەرهەمی تر لە ململانێدان بۆ گەیشتن بە لووتکە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەویش کە رای تایبەتی خۆمە، گفتوگۆی زۆر لە رۆمانەکە دایە کە دەبوایە لە جیاتی ئەمە رۆمانەکە وا زوو بە کۆتا نەهاتبا و ئەگەر ئیلشا گەرابوایەوە کوردستان و خاکی پیرۆزی ماچ بکردبایە و لە هاتنەوەی دا دلسۆزە کوردستانیەکەی لەگەڵ بینینی روخساری ئیلشا ئەو کات گیانی بەرەو ئاسمان بچووبایە و ئیڤاش بۆ زانینی سۆراغی ئیلشا بەرەو کوردستان بەرێکەوتبایە و لە مەرزی کوردستانی باکوور و باشوور مادام ئەو کچە بێگانەیە دەڵێت سەردانی کوردستان دەکەم بە خراپترین شێوە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی تورکیا مامەڵەی لەگەڵ کرابا و ئینجا رێگەی پێدرابا و لە کوردستانیش وەک سرووشتی هەمیشەیی بە جوانترین شێوە بە گوڵ پێشوازی کرابا و ئیلشا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەردەکەی لە کۆڵ بنابایەوە و بڕیاری گێڕانی ئاهەنگی بە یەک گەیشتنیان بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوەی کوردەواری دابا و لە ڕۆژی ئاهەنگ دا گیانی لە دەست دابا و ئیڤاش هەر لە کوردستان بمابایەوە و...

ئەو مافە بە خۆم نادەم کە پێشێلکاری بیرۆکەی نووسەر بکەم بەڵام بیرۆکەی من دەمێکە باوی نەماوە چونکە کتێبەکە پڕە لە عەشق و خۆشەویستی و پاکی و خواناسی و وشەی جوان و هەر بەو شێوەیەش کەوتۆتە بەر دەستی خوێنەر.

هەرچەندە هەلەی چاپ یاخود ئیملایی تێدا هەن کە لە هەڵەکان سەرپەرشتیاری چاپ کاک عومەر ئاگادار دەکەمەوە و بەو هیوایەی لە چاپی دووەمدا هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.